# شێوەكانی دانانی دەستور

یوسف گۆران

دەستور وەك پرۆسەیەكی سیاسی- قانونی لەرووی مێژوییەوە بەچەندین شێوازی جیاواز دادەرێژرێت. دیارە جیاوازی لەشێوەكانی دانانی دەستور بەندە بەسیستمی سیاسی و ئەو ئەزمونە مێژووییەی تیایدا سەرهەڵدەدا. بەم شێوەیە بەهۆی جیاوازی ئەزمونی مێژوویی دەوڵەتان و جیاوازی سیستمی سیاسی –قانونییان چەندین شێوازی جیا جیا بۆ شێوەی دانانی دەستور هاتە كایەوە.

**1-پێناسەی دەستور:**

دیارە نووسەران و بیریارانی بواری زانستی یاسای دەستوری و سیستمە سیاسییەكان تاكو ئێستا هاودەنگ نەبوون لەدانانی پێناسەیەكی یەكانگیر بۆ دەستور. بۆ نمونە پرۆفیسۆر بریلیۆ بەم شێوەیە پێناسەی دەستور دەكات و دەڵێت كە(یاسای دەسەڵاتی سیاسییە یان كۆمەڵێك بنەمای یاساییە كەدەسەڵاتی سیاسی و چۆنیەتیی ڕێكخستن و گواستنەوەی دەستنیشان دەكات)(65/1). هەروەها بڕۆفیسۆر لافیریر LOFERRIERE پێی وایە كەدەستور (لەمەسەلەی پێكهاتەو ڕێكخستنی دەوڵەت لەبواری سیاسی دەكۆڵێتەوە)( 65/1).

لەلایەكی ترەوە پرۆفیسۆر ئیسماعیل میرزا بەم شێوەیە پێناسەی دەستور دەكات (كۆمەڵە یاسایەكە ئەركی دەسنیشانكردنی دەسەڵاتی گشتی و مافی تاكەكان لەسیستمی ئازاددا دەگرێتە ئەستۆ)( 65/1).

**2-دەركەوتنی بیرۆكەو یاسای دەستور:**

لەرووی مێژووییەوە دەســــتور وەك زاراوەیەكی سیاسی- قانونی لەسەردەمی گریكەكـــــان و ڕۆمانەكانەوە بەكــــــارهاتووە. ئەم چەمكە لەسەردەمی شۆڕشی ئەمریــــــكا(1776) و فەرەنسادا(1789) بو بەبزوێنەرێكی سەرەكی بزوتنەوەی دیموكراسی ئەم دوو وڵاتە.

بەڵام گەر بمانەوی بگەرینەوە بۆ یەكەمین بەكارهێنانی زاراوەی یاسای دەستوری (القانون الدستوری) ئەوە دەكرێت یاساناسی ئیتاڵی دی لیسۆ بەیەكەم داهێنەری ئەم چەمكەدابنێین، لیسۆ ساڵی 1797 ئەم بابەتەی لەزانكۆی فیراری ئیتالیا لەژێر ناوی یاسای دەستوری وتەوە(66/1). پاشان ئەم بابەتە لەزانكۆی پاریس لەژێر ناونیشانی ( شرح احكام الوپیقە الدستوریە) لەلایەن پرۆفیسۆری ئیتالی رۆسی پێلگرینۆ لەسەردەمی پاشای فەرەنسی لویس فلیپ دەوترایەوە(66/1).

**3-شێوەكانی دانانی دەستور:**

لەگەڵ ئەوەی ئەزمونی جیا جیا هەیە بۆ دانانی دەستور، بەڵام سەرباری ئەم جیاوازییانە بەشێوەیەكی گشتی لەدانانی دەستوردا دەكرێت ئەم شێوازانەی خوارەوە بەدی بكەین:

ڕ-شێوازی نا دیموكراسی(هەندێك ناوی شێوازی پاشایی لێدەنێن).

ب-شێوازی دیموكراسی (هەندێك ناوی شێوازی كۆماری لێدەنێن).

ڕ: شێوازی نادیموکراسی

ئەم شێوازە هەندێك بەپادشایی ناو دەبەن لەبەر ئەوەی گوایە زیاتر لەرژێمە پادشاییەکان ئامادەیی هەیە. ئەم جۆرە بەدوو شێوە (تعبیر)ی لێدەکرێت، هەر شێوەیەکیان زیاتر ئاستەکـــــــانی گەشەکـردنی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە دەردەخات، شێوەکانی ئەم جۆرەش ئەمانەن:

**1-شێوازی بەخشین (Loctrol ) بۆ دامەزراندنی دەستور**

لەم شێوە دامەزراندنەدا حاکمی وڵاتەکە هەڵدەستێت بەبەخشینی دەستور بۆ گەلی ئەو وڵاتە وەك بەشێك لەئارەزوی ئەم حاکمە لەبەشداریکرنی کۆمەڵانی خەڵك لەدەسەڵات. لەم شێوە دامەزراندنەدا حاکمی وڵات تەنازول لەهەندێك ماف و دەسەڵاتی خۆی دەکات بۆ گەل و نوێنەرەکانی.

ناونانی شێوەی دامەزراندنەکە بە(بەخشین) لەوە هاتووە کەدەستور لێرەدا لەلایەن حاکمەوە دەبەخشرێت و گەل هیچ دەسەڵاتێکی لەدامەزراندن و دارشتنیدا نییە.

لێرەدا بەهۆی ئەوەی کەدامەزراندنی دەستورەکە راستەوخۆ پەیوەست بوە بەئیرادەی حاکم چەند بۆچونێك هەیە پێیان وایە لەم حاڵەتەدا حاکم ئازادە لەپەککستنی یاخود کارپێنەکردن بەو دەستورە, چونکە خۆی سەرچاوەی دامەزراندنێتی.

لەلایەکی ترەوە بۆچونی جیاوازیش هەیە (کەزۆرینەن)پێیان وایە کەحاکم ناتوانی یەك لایەنە دەستور پەك بخات, چونکە لەسەرەتادا لەگەڵ ئەوەی دەستورەکە وەك بەخشین دراوە بەگەل بەڵام لەراستیدا حاکم لەژێر چەندین گوشاری جەماوەری ئەم کارەی کردوە، لەلایەکی ترەوە کاتێك حاکم بەشێك لەدەسەڵاتی داوە بەگەل و ئەویش، واتە گەل، پێی رازی بووە ئەم دەستورە تێکەڵ بەئیرادەی گەل بوە و بۆتە شێوەیەك لەشێوەکانی گرێبەستی(عقد)، بۆیە بێ ڕەزامەندی لایەنەکەی تر(گەل) حاکم ناتوانێت ئیلغای بکات.

لەراستیدا لەم جۆرە دامەزراندنە دەستور رووخسارێکی (شکلی) دەگرێتەخۆ و حاکمی وڵات پاش دامەزراندنی دەستورەکەو نەمانی ئەو هۆکارانەی کەپاڵی پێوە نا بۆ بەخشینی، لێی پەشیمان دەبێتەوەو پابەندی برگەکانی نابێت، بەڵکو هەندێك جار هەڵیدەوەشێنێت وەك هەڵوەشاندنی دەستوری فەرەنسای **1815** لەلایەن شای فەرەنسا شارلی دەیەم لەساڵی **1830** . وەك دەردەکەوێت لەم جۆرە دەستورانە حاکمی وڵات زیاتر بۆ بەشەرعیکردنی حوکمەکەی بەم کارە هەڵدەسێت و گرنگییەکی ئەوتۆ بەدەستور ناداو ئەگەر پابەندیش بێت پێوەی ئەوا بەشێوەیەکی شکلی دەبێت.

نمونەی ئەم جۆرە دەستورانە لەمێژودا زۆرن، وەك دەستوری ساڵی **1815** ی فەرەنساو دەستوری ساڵی **1817**ی بولگاریا و دەستوری ساڵی **1848** ی ئیتالیا و دەستوری ساڵی **1889**ی ژاپۆن و دەستوری ساڵی **1876**ی دەوڵەتی عوسمانی و دەستوری ساڵی **1906** ی روسیای قەیسەری و دەستوری ساڵی **1923**ی میسر.

**2-شێوازی گرێبەستی**

لەم شێوازەدا گرێبەستێك نیـــــوان حاکمی وڵات و نوێنەرانی گەل دەبەسترێت تیایدا لایەنی یەکەم (حاکم) دەکەوێتە ژێر ئیرادەی نوێنەرانی گەل بۆ قایل بوون بەدەستوری وڵات. میللەتیش لەسایەی ئەم دەستورەدا بەمافەکانی خۆی لەئازادی و سەربەستی بەدەستدەهێنیت و دەسەڵاتی حاکم سنوردار دەکات. نمونەی زیندووی ئەم دەستورانە لەمێژوودا زۆرن وەك شۆرشی بەگزادەکانی بەریتانیـــا دژی مەلیك ساڵی **1215** کەبەڵگەنامەی

مەزنی Magne carta لێکەوتەوە و شۆرشی گەلی بەریتانیا ساڵی 1688 کەیاسـای مافەکان THE Bill of rights لێکەتەوە. ئەم دوو بەڵگەنامەیە گرنگە بونە بنەمای سەرەکی دەستوری بەریتانیا. لەراستیدا هەرچەندە ئەم شێوازە بەگرێبەست ناودەنرێت, بەڵام لەراستیدا ناتوانین وەك و گرێبەست سەیری بکەین، چونکە لایەنێکی گرێبەستەکە(حاکم)ە ئازادییەکی تەواوی نییە لەمۆرکردن و پەسەندکرنی دەستور. زۆربەی جار حاکم سەرپشك دەکرێت لەنێوان رازیبون یان رەتکردنەوەی دەستور لەکاتێکدا هیچ بوارێکی تری لەبەردەمدا نییە، وەك ئەوەی لەگەڵ شای فەرەنسا لویس فلیب(1830-1848) کرا کاتێك نوێنەرانی ئەو شۆرشەی کەلویسی هەژدەهەمیان ساڵی 1830 لەسەر تەخت لادا هاتن دەستوری تازەی وڵاتیان بۆ خوێندەوەو کەقایل بوو پاشان تاجیان خستە سەری لویس فیلیب. یان نوێنەرانی گەلانی بولگاریا و رۆمانیا پاش رزگاربوونیان دەستوریان دارشت خستیانە بەردەم ئەو مەلیکە بێگانانەی لەدەرەوە هێنابویان بۆ بون بەپادشا لەوڵاتەکەیان، ئاشکرایە ئەم پاشایانە ئازادییەکی ئەوتۆیان نەبو بۆ بەستنی گرێبەستی دەستور. لەم جۆرە دەستورەدا گەل بەشێوەیەکی ئازادانەتر لەهی پێشوو تەعبیر لەئیرادەی خۆی دەکات و بەقۆناغێکی پێشکەوتووی بەشداریکردنی گەل لەبەرێوەبردنی خۆی دەژمێردرێت. ئاشکرایە لەم شێوازی دەستورە حاکم ناتوانێت بیَ قایلبوونی نوێنەرانی گەل دەسکاری دەستور بکات یان ئیلغای بکات.

نمونەی ئەم دەستورانە لەمێژوودا زۆرن وەك دەستوری ساڵی 1844ی یۆنان و ساڵی 1879ی بولگاریاو ساڵی 1830ی فەرەنساو رۆمانیای 1864.

ب:شێوازی دیموکراسی (هەندێك کەس بەکۆماری ناودەبەن)

لەم شێوازەدا گەل بەئازادی و بەتەنها بەبیَ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك هەڵدەستێت بەدانانی دەستورێك و هەر خۆی بریاری کۆتایی لەسەر دەدات.

ئەم جۆرە دامەزراندنە بەدوو شێوە دێتە کایەوە؛ یەکەم لەرێی کۆمەڵەی دامەزراندنەوە (الجمعیه الترسیسیه). دووەم لەرێی راپرسی(ریفراندۆم)ی جەماوەرییەوە. دەکرێت لەهەمان کاتدا هەردوو شێوازەکە بەکاربهێنرێت وەك ئەوەی لەیاسای بەرێوەبردنی کاتی عیراقیدا هاتووە بۆ شێوازی دانانی دەستوری عیراق.

یەکەم: رێگەی کۆمەڵەی دامەزراندن

بەپێی ئەم شێوازە، گەل هەڵدەسێت بەهەڵبژاردنی کۆمەڵێکی دامەزرێنەر کەئەرکی سەرەکی دانانی دەستور دەگرێتە ئەستۆ. ئەم شێوەیەی دانانی دەستور بۆ یەکەمین جار لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پەیرەو کرا کاتی دەستەیەکی هەڵبژێردراو لەکۆنگرەی فیلادلفیا لەساڵی 1778 دەستوری وڵاتیان دارشت. ئەم شێوازە پاشان کاری کردە سەر زۆر لەدەوڵەتانی دنیا، بۆیە دەبینین دەستوری فەرەنسای ساڵانی 1793 و 1795و 1848و1875 بەم شێوەیە دارێژراوە.
ئەم شێوەی دامەزراندنی دەستورە پاش ئەمریکاو فەرەنسا لەچەندین وڵاتی تری دنیا بڵاو بۆوە، وەك دەستوری ئەڵمانیا(دەستوری ڤالیمار) ساڵی 1919 و دەستوری نەمسای1920 و دەستوری چیکوسلۆڤاکیای ساڵی 1910و پۆڵۆنی ساڵی 1921و دەستوری ئیسپانی ساڵی 1931و دەستوری تورکیای کەمالی ساڵی 1924. هەروەها هەندێك لەدەستورەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات وەك دەستوری ساڵی1948ی رۆمانیا و ساڵی 1946ی ئەلبانیاو یوگسلافیاو دەستوری ساڵی 1949ی هەنگاریا.
لەراستیدا هەندێك کەس پێیان وایە گەر بێت و دەستوری وڵات لەرێی کۆمەڵێك یان دەستەیەکی هەڵبژێردراوەوە دابمەزرێت ئەوا ئەو دەستورە جێگیری و سەلامەتی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام لەراستیدا پابەندبونی دەسەڵات بەدەستور و جێبەجێکردنی بەندە بەچەندین هۆکاری دەرەکی وناوخۆوە.
بۆنمونە ئەگەر بێت و ئاوورێك لەدەستورەکان و ماوەی بەردەوامبونیان بدەین و بەراوردێك لەنێوان شێوازی بەخشین بۆ دامەزراندنی دەستور و شێوازی دەستەی دامەزرێنەر لەسیستمی دستوری وڵاتێکی وەك فەرەنسا

بکەین دەبینین ئەو دەستورانەی بەشێوەی بەخشین دامەزراوە تەمەنی زۆر درێژ تر بووە لەدەستورانەی کەبەرێگای دەستەی دامەزراندنەوە دامەزراوە. دەستوری 1791 کەدەستەیەکی دامەزراندن داینا تەنها یەك ساڵ مایەوەو دەستوری 1793 قەت جێبەجێ نەکراو دەستوری 1795یش تەنها 5 ساڵ کاری پێکرا، بەهەمان شێوە دەستوری ساڵی 1848 تەنها 3 ساڵ کاری پێکراو پاشان ئیمپراتۆری فەرەنسی ناپلیۆنی سێیەم حوکمی دکتاتۆری خۆی تاکو ساڵی 1870 درێژە پێدا.

لەلایەکی ترەوە دەبینین شێوەی بەخشین بۆ دامەزراندنی دەستور تەمەنی درێژترە، بۆنمونە دەستوری فەرنسای ساڵی 1814 تاکو ساڵی 1830 مایەوەو هەروەها دەستوری ژاپۆن لەساڵی 1889وە تاکو ساڵی 1945 بەردەوام بوو کاتێك هێزەکانی ئەمریکا وڵاتەکەیان گرت و دەستورەکەیان ئیلغا کرد.

دووەم: دانانی دەستور لەرێی راپرسی (ریفراندۆم)ەوە

**Lereferendum conistituant**

مەرجی سەرەکی ئەم شێوازەی دامەزراندن ئەوەیە کەپێویستە گەل رەزامەندی خۆی لەسەر بدات، واتە قایلبوون یان نەبوونی گەل بنەمای سەرەکی ئەم دامەزراندنەیە، لێرە پێویستە گەل رای خۆی لەسەر ئەو دەستورە بدات کەدەستەی دامەزرێنەری هەڵبژاردە دایدەرێژێت، نمونەی ئەم دەستورانەش، دەستوری ساڵی 1937ی ئێرلەندا و دەستوری ساڵی 1956ی کۆماری چوارەمی فەرەنساو دەستوری ساڵی 1956ی میسر و دەستوری ساڵی 1947ی ئیتالیا.
زۆر لەرەخنەگرانی بواری یاسای دەستوری پێیان وایە هەرچەندە ئەم شێوازە دیموکراسییەکی زۆری تیا بەدیدەکرێت, بەڵام لەراستیدا زۆر جار بۆ قازانجی تاکەکەس پەیرەودەکرێت، چونکە مەسەلەکە ئەوەندەی لێرە ریفراندۆمێکی سیاسییە ئەوەندە دەستوری نییە. بۆیە زۆر جار حاکمەکان ئەم شێوازە دەگرنە بەر بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان و گەلیش سەر لەزۆر وردەکاری دەستوری دەرناکات و بەم شێوەیە دکتاتۆریەتێکی شەرعی دروست دەبێت . بۆنمونە پەنابردنی ناپلیۆن پۆنەپارت لەساڵی 1802 بۆ ئەم شێوازە و گۆرینی دەستوری فەرەنسا بەشێوەیەك کەماف بەناپلیۆن بدان تا لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەتی بمێنێت.
رەخنەگرانی ئەم شێوازە دەڵێن کەئەوەی لێرە روو دەدات (بیعە دستوریە) یە نەك (راپرسی دەستوری) گەلیش لێرەدا زۆر ئازاد نییە, چونکە دەبێت لەنێوان دوو رێگەچارە هەڵبژێرێت:

1-رەتکرنی دەستورەکە، ئەمەش مانای نائارامی دەستوری سیاسی دەگەیەنێت.
2-قایلبونێکی نابەدڵانە بەدەستور.

بەرای رەخنەگرانی ئەم شێوازە بوونی زۆرینەیەکی فراوان بۆ قایلبوون بەدەستورەکە لەزۆربەی راپرسییەکان نیشانەی ناواقعی دەستوری ئەم شێوازی دامەزراندنەیە.
سەبارەت بەو جێگیرییە دەستورییەی (الاستقرار الدستوری) کەباسی لێوەدەکرێت کەشێوازی نا دیموکراسی لەگەڵ خۆی دێنێت راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کەجێگیری دەستوری لەشێوازی نادیموکراسی دامەزراندنی دەستور سەرچاوەکەی لەنەبونی کاریگەری دەستورەوە رێچکەی گرتووە، بۆ نمونە دەوڵەتی عیراق لەساڵی 1970 وە تاکو ساڵی 2003 بەدەستورێکی کاتی و نا دیموکراسی بەرێوە دەچوو، تەنها لەبەر ئەوەی خودی دەستور هیچ رۆڵێکی ئورگانی نەبوو سەرۆك واتە، سەدام حسێن، سەرچاوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان بوو، لەکاتێکدا سەرەرای نەبوونی جێگیری دەستوری لەهەندێك وڵات کەپەیرەوی شێوازی دیموکراسی دانانی دەستور دەکەن, بەڵام دەستوری وڵاتەکە توانویەتی داکۆکی لەمافە سیاسی و یاسایی و سەرجەم مافەکانی تر لەکۆمەڵ بکات ، کەواتە مەسەلەکە لێرە تەنها پێوەری جێگیری دەستوری نییە کە، زۆر گرنگە، بەڵکو چەندین پێوەری تر هەیە بۆ سەرکەوتنی ئەرکی سەرەکی دەستور ئەویش رۆڵی دەستورە لەپێکەوەنان و دامەزراندنی چەندین بەهاو ماف و پاراستنیان لەدەستدرێژی دەسەڵاتداران.

لەلایەکی ترەوە مەسەلەی جیَگیری دەستوری تەنها بەند نییە بەشیَوەی دارشتنی دەستورەکە، زۆر جار دۆخی سیاسی و ئابوری و نەتەوایەتی و تەنانەت دۆخی نیَونەتەوەیی ولاَتەکەرۆلَیَکی سەرەکی دەبینیَت لەجیَگیربون یان جیَگیرنەبونی دەستورەکە، بیَ لەوەی تایبەت بیَت بەشیَوازی دیموکراسی یان نادیموکراسی دانانی دەستور.

ج-هەرچەندە ئەو دوو شیَوازەی سەرەوە بۆ دانانی دەستور بەرای زۆربەی لیَکۆلَیارانی دەستور شیَوازی سەرەکی دانانی دەستورن بەلاَم هەندیَك پیَیان وایە کەدەکریَت پەیماننامەی نیَودەولَەتی بەسەرچاوەی سیَیەمی دانانی دەستور دابنریَت.

بەپیَی ئەم بۆچونە زۆر جار پەیماننامەی نیَوان دەولَەتان هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی دەستورە وەك دەستوری دۆقیەی فەرسۆنیای سالَی 1807و دەستوری سالَی 1815 ـەی پۆلۆنیاو دەستوری 1871ی ئیمپراتۆریەتی ئەلَمانی. هەروەها دەستوری سالَی 1830ی بەلجیکا پاش تەواوبونی کۆنگرەی ولاَتانی ئەوروپا دانرا، دەکریَت دانانی دەستوریش لەلایەن زۆر لەولاتە دواکەتوەکان بۆ بون بەئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان وەك شیَوەیەك لەکارتیَکردنی دەرەدی بۆ دانانی دەستور سەیربکریَت.

بەهەر حالَ زۆربەی نوسەران پەیماننامەی نیَودەولَەتی بەشیَوەیەك لەشیَوەکانی دەستور دانانەن چونکەپەیماننامە نیَوان دو دەولَەت مۆردەکریَت و دەستوریش کاریَکی ناوخۆیی دەولَەتە، هەرچەندە لەچەند حالَەتیَکی تایبەتدا پەیماننامەی نیَودەولَتی رۆلَی لەدارشتنی دەستوری چەند ولاَتیَ هەبووە.

سەرچاوەکان:

1-العانى، د. حسان محمد شفيق: الانظمه السياسيه والدستوريه المقارنه، مطبعة جامعة بغداد،بغداد 1986.

2-الساعدى، د. حميد: مبادىء القانون الدستورى وتطور النظام السياسى فى العراق، دار الحكمة للطبع و النشر، موصل 1990.

3-النجار، د. شيرزاد: الطبيعة القانونيه للدستور الفيدرالى، محاضرات القيت على طلبه الدكتوراه – قسم القانون- كليه القانون والسياسه- جامعة صلاح الدين للسنه الدراسية 2003-2004.